KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
25-1-2007 18:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## داواكاريەكى بچوك و ئاسان لە برا نوسەرەكان!! ... خاليد هەركى

بۆ ئەوەی نوسینەکانمان سیمایەکی شارستانی بەخۆوە بگرێ، هەم ئێمەی خوێنەر هەم برا نوسەرەکانیش ئەوەندە عەودالی یەکتر دۆزینەوە نەبین، داوا لەو برا بەرێزانە دەکەم کە دەستی نوسینیان هەیەو لە مالپەرو بلاوکراوە کوردیەکاندا نوسین بلاودەکەنەوە، وەکو نەریت ورێنمایەکی مۆدێرنیی شێوازی بلاوکردنەوە، لەگەل نوسینی ناوەکانیان ئاماژە بە هۆکارێکی پەیوەندی بدەن، یا ئیمەیل یا ژمارەی تەلەفۆن یا ئەدرێس. . ، بۆ ئەوەی کەسی خوێنەر لە حالەتی پێویستکردن بەپەیوەندی بتوانێ پەیوەندیی پێوە بکات، جا بۆ رادەربرین یا بۆ زانیاری خستنەسەر بابەتەکەی یا هەر بەدواداچونێکی تربێ، لەگەل ئەمەش باشترە گەر رۆژی نوسین وشوێنی لێ نوسینیش لە تەک ناوەکەی دیاری بکات.

داواکاریەکەم زیاتر لە خزمەت ئەوانەدایە کە کە لەترسی چاو لێ زەقکردنەوەدا ناوێرن ناوی راستی خۆیان ئاشکرا بکەن و بە ناوی خواستیارەوە شت دەنوسن، ئەوجا لەخزمەت ئێمەی خوێنەرە.

خالید هەرکی. . . هۆلەندا لە. . . 07-01-23
www. serben. com
khalidherki@chello. nl


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.